مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

# المسؤولية المدنية للطبيب البديل في القانون العراقي
## (دراسة تحليلية و مقارنة)

گردون قاسم عبدالحق
فاكلتي القانون والعلوم السياسية والإدارة، جامعة سوران، أربيل، العراق
gqa327@law.soran.edu.iq
د. تحسين حمد سمايل
فاكلتي القانون والعلوم السياسية والإدارة، جامعة سوران، أربيل، العراق
tahsin.smael@soran.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: الطب البديل، الطب البديل البشري، الطب البديل الإلكتروني، طبيعة المسؤولية المدنية للطبيب البديل، الأساس القانوني لمسؤولية الطبيب البديل.

**كيفية اقتباس البحث**

عبدالحق , گردون قاسم , تحسين حمد سمايل , المسؤولية المدنية للطبيب البديل في القانون العراقي (دراسة تحليلية و مقارنة) , مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Civil liability of the substitute doctor in Iraqi law

(A Comparative-Analytical Study)

Gardun Qasim Abdulhaq
Faculty of Law, Political Science and Administration, Soran University, Erbil, Iraq
gqa327@law.soran.edu.iq
Dr. Tahsin Hamad Smail
Faculty of Law, Political Science and Administration, Soran University, Erbil, Iraq
tahsin.smael@soran.edu.iq

**Keywords** : surrogate medicine, human surrogate medicine, cyber surrogate medicine, nature of surrogate doctor civil liability, legal basis of surrogate doctor liability

**How To Cite This Article**
Abdulhaq , Gardun Qasim , Tahsin Hamad Smail , Civil liability of the substitute doctor in Iraqi law (A Comparative-Analytical Study), Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**
Resorting to the use of substitute medicine, a number of problems, responsibilities and legal implications, this study based on analytical and comparative methods highlighted all the legal problems that exist in the applicable medical laws in Iraq and the Iraqi Kurdistan Region Presenting the most important jurisprudence opinions on it, the most important conclusions show that according to the applicable medical

laws, there is no legal arrangement in Iraq and the Kurdistan Region to .determine the legal responsibility of substitute physicians

**ملخص:**

بالنظر إلى استخدام الطب البديل، وما يترتب عليه من إشكاليات ومسؤوليات وآثار قانونية، سلطت هذه الدراسة، المعتمدة على المنهج التحليلي والمقارنة، الضوء على جميع الإشكاليات القانونية الموجودة في القوانين الطبية النافذة في العراق وإقليم كردستان العراق. وعرضت أهم الآراء الفقهية حوله، وخلصت إلى استنتاجات مهمة، مفادها أنه لا يوجد في العراق وإقليم كردستان، وفقا للقوانين الطبية النافذة، أي تنظيم قانوني يحدد المسؤولية القانونية للأطباء البدلاء.

## بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوە لە یاسای عیراقیدا

(توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکارییە)

گەردوون قاسم عبدالحق

فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەولێر، عێراق

gqa327@law.soran.edu.iq

د. تحسين حمد سمايل

فاکەلتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەولێر، عێراق

tahsin.smael@soran.edu.iq

**پوختە:**

پەنابردن بۆ بەکارهێنانی پزیشکی شوێنگرەوە، کۆمەڵێ کێشەو گرفت و بەرپرسیاریەتی و شوێنەوارە یاسایی بەدوای خۆیدادەهێنێت، لەم توێژینەوەیەدا بە پشت بەستن بە میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری تیشک خراوەتە سەر هەموو ئەو کێشەو گرفتە یاساییانەی کە هەیە لە یاسا پزیشکیە بەرکارەکانی عێراقی و هەرێمی کوردستانی عێرقدا، ئامانجی سەرەکی توێژینەوە بریتییە لە دیاریکردنی سروشت و بنەمای یاسایی بۆ بەرپرسیاریەتی پزیشکی شوێنگرەوە، و خستنەڕووی گرنگترین بۆچونە فقهیەکان لەسەری، گرنگترین دەرەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە بە گوێرەی یاسا پزیشکیە بەرکارەکان ڕێکخستنێکی یاسایی نییە لە عێراق و هەرێمی کوردستان کە لە دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی یاسایی پزیشکی شوێنگرەوە پێببەستریێ، بۆیە پێویستە لەم بابەتە بگەڕێینەوە سەر بنەماگشتییەکانی یاسایی شارساتنی.

**کلیلە وشەکان:** پزیشکی شوێنگرەوە، پزیشکی شوێنگرەوەی مرۆیی، پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلیکترۆنی، سروشتی بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوە، بنەمای یاسایی بەرپرسیاریەتی پزیشکی شوێنگرەوە.

**پێشەکی:**

یەکێک لەو دیاریدانەی کە لا زۆرێک لە پزیشکان باوە بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشەکانیان ئەوەیە کە زۆرجار پەنا بۆ ڕێگە چارەی جیا و شوێنگرەوەیی دەبەن، و بە یەکێک لە ڕێگە چارەکانیش دادەنرێ بۆ بەردەوامیدان بە پرۆسەی چارەسەرکردن، کە بریتیە لەوەی کە لە کاتی پێویستدا پزیشک پەنا بۆ پزیشکی شوێنگرەوە دەبات، ئەمەش لە نەخۆشخانە حکومیەکان و تایبەتەکاندا بەدیاردەکەوێت بەشێوەیەکی بەربڵاو، کە ڕەنگە ئەو پزیشکە شوێنگرەوەیە هەمان ئەو توانا و شارەزاییەی پزیشکە تایبەتمەندەکەی نەبێ، دەکرێ بچوکترین هەڵە کە

ئەنجامت دەدات لە ئەنجامی کەمی شارەزایی و نەبوونی چاودێری پێش وەختە لەسەر نەخۆش تەندروستی خراپتر بکات و لەئەنجامدا دوچارەی مەرگی بکات، لێرەشدا ڕەنگە بە ئاسانی نەتوانرێ بەر پرسیاریەتیەکە دیاری بکرێ کە دەکەوێتە ئەستۆی کێ، پزیشکی سەرەکی یاخود شوێن گرەوەکەی یاخود بەشێوەیەکی هاوبەش بەرپرسیاریەتیەکە هەڵدەگرن، ئەوەی زیاتر کێشەکەی قوڵکردۆتەوە لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا بریتیە لە نەبوونی ڕێکخستنێکی یاسایی تایبەتمەند بە پزیشکی شوێنگرەوە، کە ئەمەش وای کردووە بۆشاییەکی یاسایی دروستبکات، بۆیە پێویستە بۆ ئەم بابەتە بگەڕێینەوە بۆ سەر بنەما گشتیەکانی یاسای شارستانی عێراقی ژمارە ٤٠ ی ساڵی ١٩٥١.

**گرنگی توێژینەوە:**

بابەتی بەرپرسیارێتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوە گرنگیەگی زۆری هەیە لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە گرنگی تەندروستی نەخۆش و دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوە، کە ئەمەش یارمەتی دەرە لە پارێزگاری کردن و پاراستنی تەندروستی گشتی، دروستکردنی متمانە بە کەرتی تەندروستی بە شێوەیەکی گشتی.

**پرسیارەکانی توێژینەوە:**

بۆ دیاری کردنی بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوە و ڕێکخستنی یاسای بۆی ڕووبەڕووی چەند پرسیارێک دەبینەوە کە پێویستە وەڵامیان بدەینەوەم بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێ وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدرێتەوە:

١- سروشتی بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوە چییە؟

٢- پابەندیەکانی پزیشکی شوێنگرەوە چین لە کارە پزیشکیەکان، وە پێوەری دروست بۆ بەرپرسیاریەتیەکەی چییە؟

٣- بنەمای یاسایی بۆ بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوە و ڕەسەن چیە بەگوێرەی یاسای عێراقی؟

**کێشەی توێژینەوە:**

دەتوانین کێشەی توێژینەوە لە دووخاڵی سەرەکی کۆ بکەینەوە، سەرەڕای بوونی کێشەی تری لاوەکی:

کێشەی یەکەم: نەبوونی ڕێکخستی یاسایی تایبەت لە هەرێمی کوردستان وعیراقدا سەبارەت پەنابردن بۆ پزیشکی شوێنگرەوە لە یاسا تایبەتەکانی پزیشکی وەکو یاسای سەندیکای پزیشکانی عیراقی ژمارە (81) ساڵی 1984 ویاسای پلەبەندی (تدرج) خاوەن پیشە تەندروستی وپزیشکی عیراقی ژمارە (6) ساڵی 2000، یاسای خاوەن پیشە پز یشکیەکانی عیراقی ژمارە (67)ی ساڵی 1952، ویاسای پاراستنی پزیشکانی عیراقی ژمارە (26) ساڵی 2013 ویاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستانی ژمارە (6) ساڵی 2000، ویاسای مافەکان وئەرکەکانی نەخۆشی هەرێمی کوردستانی ژمارە (4) ساڵی 2020، کە لەڕووی ڕێکخستنەوە بۆشایی یاسایی دروست کردووە ولەڕوو بەرپرسیاریتیەوە دەبی بگەڕێینەوە بۆ ئەحکامە گشتیەکانی بەرپرسیارییەتی وقەرەبوو لە یاسای مەدەنی عیراقی ژمارە (41) ساڵی 1950، کە ڕەنکە کارێکی ئاسان نەبێت بتوانین بنچینەوە وبەرپرسیاریەتی دکتۆری شوێنگرەوە ودکتۆری ڕەسەن دیاربیکەین.

کێشەی دووەم: پەنا بردنە بۆ پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلکترۆنی لە ڕێگای بەکار هێنانی زیرەکی دەستکرد، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا کۆمەڵێك کێشەی یاسایی لێدەکەویتەوە، وەکنەبوونی ڕێکخستنی یاسایی بۆ بەکارهێنانی بزیشکی شوێنگرەوەی ئەلیکترۆنی لەڕیگای زیرەکی دەستکرد لە عیراق وهەرێمی کوردستان.

**توێژینەوەکانی پێشووتر:**

لە دوای گەڕانێکی زۆر و وردمان لەسەر ناونیشان وناوەڕۆکی ئەم بابەتە بۆمان بەدەرکەوت کە هیچ توێژینەوەیکی پێشوتر لەسەر ئەم بابەتە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لە پێناو زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە و دەوڵەمەنکردنیدا لە توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێ پشت بە هەریەکە لە میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری ببەسترێ، ئەمەش لە پێناو زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، و بەراوردکردنی بەیاسای چەند وڵاتێکی عەرەبی.

**پێکهاتەی توێژینەوە:**

سروشتی توێژینەوەکە وای خواست کە توێژینەوەکە بەم شێوەیە دابەش بکرێت:

**بەشی یەکەم:** ناساندنی پزیشکی شوێنگرەوە

تەوەری یەکەم: پێناسەی پزیشکی شوێنگرەوەی مرۆیی

تەوەری دووەم: پێناسەی پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلیکترۆنی

**بەشی دووەم:** گونجاندنی یاسایی درووست بۆ بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوەی مرۆیی و ئەلیکترۆنی و بنەمای یاسایی

تەوەری یەکەم: گونجاندنی یاسایی درووست بۆ بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوەی مرۆیی و ئەلیکترۆنی

تەوەری دووەم: بنچینەی یاسایی بۆ بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوە

**کۆتایی:** دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

## بەشی یەکەم: ناساندنی پزیشکی شوێنگرەوە

زۆرێک لە پزیشکانی پسپۆڕ لە ئێستادا پشت بە پزیشکێک یان زیاتر دەبەستن بۆ جێگرتنەوەی ئەوان لە ڕێکارەکانی نەشتەرگەری یان نانەشتەرگەریدا ( چارەسەری) یان بۆ بەڕێوەبردنی کلینیکی ڕاوێژکاری پزیشکی لە نەخۆشخانە حکومییەکان یان کلینیکەکانی تایبەت، لەوانەیە ئەم جێگرەوەیانە هەمان ئەزموونی پزیشکە سەرەتاییەکانیان نەبێت، و لەوانەیە هەمان توانا و لێهاتووی پزیشکە دیاریکراوەکەی نەبێت یان هەڵەیەک بکات کە ژیانی نەخۆشەکان بخاتە مەترسییەوە و هەندێکجار ئەو هەڵانە دەبنە هۆی مردن یان زیانی زۆری جەستەیی و دەروونی، بەمەش کۆمەڵێ شوێنەواری یاسایی بەدوایەوە دێ کە پێویستە لە چوارچێوەی یاسادا ڕێکخستنی تایبەتی بۆبکرێت، بۆ تێگەیشتن و ناساندنی ئەم چەمکە ئەم بەشە دابەش دەکرێ بەسەر دوو تەوەردا، لە تەوەری یەکەمدا پێناسەی پزیشکی شوێنگرەوەی مرۆیی دەخرێتەڕوو، وە لە تەوەری دووەمدا پێناسەی پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلیکترۆنی.

### تەوەری یەکەم: پێناسەی پزیشکی شوێنگرەوەی مرۆیی

پزیشکی شوێنگرەوەی مرۆیی لە یاسا پزیشکییە بەرکارەکانی عێراقی هیچ پێناسەیەکی تایبەتی بۆ نەکراوە، وە پێناسەیەکی یەکگرتووی نیە لەناو زانایان و یاساناسانەوە کە بەشێوەیەکی گشتگیر پێناسەی بۆ کرابێت، بۆیە بە پێویستی دەزانین سەرەتا پێناسەی پزیشکی شوێنگرەوەی مرۆیی بکەین لە ڕووی دەستەواژەی یاساوە وە دواتر لەڕووی دەستەواژەی یاساناسانەوە بخەینەڕوو لە دوولقدا.

#### لقی یەکەم: پێناسەی پزیشکی شوێنگرەوەی مرۆیی لە ڕووی دەستەواژەی یاساوە

دەستەواژەی پزیشکی شوێنگرەوە (طبیب البدیل) دەکرێ بوترێ دەستەواژەیەکی نوێیە لەم چەند ساڵەی دوایی دەرکەوتووە، بەپێچەوانەی پزیشکی جێگرەوە(طب البدیل) کە لەدێر زەمانەوە ناسراوە و کاری پێکراوە لە زۆربەی بوارەکاندا، وە یاساناسان پێناسەیان کردووە لەڕووی دەستەواژەی و زمانەوانییەوە، لەڕووی دەربڕین و دەستەواژەوە تاڕادەیەکی زۆر ئەم دوو چەمکە لەیەک نزیکن، بەڵام لەڕووی واتاوە دوو دەستەواژەی تەواو لەیەک جیان، چونکە مەبەست لە پزیشکی جێگرەوە ( طب البدیل) هەر شێوازێکی چارەسەرکردن کە دەرزی و دەرمانی کیمیایی دەستکرد لە چارەسەرکردنی نەخۆش بەکارنەهێنرێت ( د ضحی بنت محمود بابللي:٢٠٠٦، ص ١٦٥)، بەڵام مەبەس لە پزیشکی شوێنگرەوە (طبیب البدیل) ئەو پزیشکەیە کە شوێنی پزیشکێکی تر دەگرێتەوە، لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە پزیشکی شوێنگرەوەیە(طبیب البدیل ).

لە ڕووی پێناسەیی یاساوە ئەگەر بێتوو بگەڕێنەوە بۆ یاسا بەرکارە پزیشکییەکانی عێراقی و هەرێمی کوردستانی عێراقی، دەبینین لە هیچ یەکێکیان پێناسەی پزیشکی شوێنگرەوە نەکراوە، سەرەڕای بوونی کۆمەڵێکی زۆر لە یاساکان لەبواری پزیشکی وەک: یاسای (تدرج ذوي المهن الطبیة و الصحیة) ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٠، وە یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٠ ، و یاسای (دستور السلوک الطبي و آداب مهنة الطب العراقي) ی ساڵی ٢٠١٠، و یاسای سەندیکای پزیشکانی عیراقی ژمارە (81) ساڵی 1984، و یاسای خاوەن پیشە پزیشکیەکانی عیراقی ژمارە (67)ی ساڵی 1952، ویاسای پاراستنی پزیشکانی عیراقی ژمارە (26) ساڵی 2013 ویاسای مافەکان وئەرکەکانی نەخۆشی هەرێمی کوردستانی ژمارە (4) ساڵی 2020، ئەمەش وای کردووە کە لە ڕووی دەستەواژەی یاساوە پێناسەیەکی درووست و یەکگرتوومان نەبێت بۆ پزیشکی شوێنگرەوە، وە لەڕووی ڕێکخستنەوە بۆشایی یاسایی دروست کردووە ولەڕوو بەرپرسیاریتیەوە وادەکات زۆربەی جار بگەڕێینەوە بۆ ئەحکامە گشتیەکانی بەرپرسیارییەتی وقەرەبوو لە یاسای مەدەنی عیراقی ژمارە (41) ساڵی 1950، کە ڕەنگە کارێکی ئاسان نەبێت هەمیشە بتوانرێت بنچینەوە وبەرپرسیاریەتی دکتۆری شوێنگرەوە ودکتۆری ڕەسەن بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دیاری بکرێت.

بەگەڕانەوە بۆ یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٠، دەبینین کە لە مادەی یەکەم پێناسەی پزیشک دەکات کەوا: ( بریتییە لە هەموو ئەندامێکی سەندیکادا کە بڕوانامەیەکی لە پزیشکی یان هاوتاکەی هەبێت لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت، لە زانکۆیەک یان پەیمانگایەک وەرگرتبێ کە لەلایەن ئەنجومەنی فێرکردنی باڵا لە هەرێمی کوردستان دانی پێدانرابێ و پیشەکەی خۆی دەست دابێتێ لە یەکێک لەو پسپۆریە پزیشکیانەی کە لەم یاسایەدا بڕیاری لەسەردراوە)(سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان:٢٠٠٠،م١).

لەگەڵ ئەوەی وەک یاساکانی تر، ئەم یاسایە پێناسەی پزیشکی شوێنگرەوەی نەکردووە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، تەنها لەمادەی (٣٨) ڕێگەی داوە پزیشکێک جێگرەوەیەک بۆخۆی دابنێت بەشێوەیەکی مەرجدار، وەک لە دەقی مادەکەدا هاتووە: ( دەشێ پزیشکێکی مۆڵەتدراو پزیشکێکی دیکە دابنێت لە کلینکەکەی کاربکات بەمەرجێک ئەوەی جێگەی دەگرێتەوە هەمان پلەی زانستی و پسپۆڕی ئەوی هەبێت و ئەو ماوەیەش لە سێ مانگ تێپەڕ نەکات)( سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان:٢٠٠٠،م٣٨)، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە یاساکە ڕێگەی بە پزیشێک داوە کە شوێنگرەوە بۆخۆی دابنێت بەو مەرجانەی کە لە دەقی مادەکە دا هاتوون.

هەروەها لە مادەی ٣٢ لە هەمان یاسا برگەی دووەم هاتووە : (ناکرێ پزیشکێکی تر لە کلینکی پزیشکێکی قەدەغەکراو لە دەستدانە پیشەدا کاربکات)( سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان:٢٠٠٠،م١)، ئەمەش بەگوێرەی چەمکی پێچەوانەیی دەقەکە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەگەر هاتوو پزیشکەکە قەدەغەکراو نەبوو لەکارکردن دەکرێ پزیشکێکی تر لە شوێنی خۆی دابنێت، واتە یاساکە ڕێگەی داوە بە پزیشکی پسپۆڕ کە شوێنگرەوەیەک دابنێ کە لە غیابی ئەودا کاربکات، بەبێ ئەوەی لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری ئەو دابێت.

لەمەی پێشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە یاسا دانەری کوردستانی پێناسەی پزیشکی جێگرەوەی نەکردووە، بەهەمان شێوەوە لە یاسای سەندیکای پزیشکییەکانی عێراقی ژمارە (٨١)ی ساڵی ١٩٨٤ دەبینین هیچ پێناسەیەکی ڕوون و ڕاستەوخۆ بۆ دەستەواژەی "پزیشکی جێگرەوە" نییە.

وە بە گەڕانەوە بۆ یاسا پزیشکیەکانی وڵاتانی عەرەبی، بەنمونە هەریەکە لە یاسای (تنظیم المسؤولية الطبية و سلامة المريض) ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٥ میسری، و یاسای (مزاولة مهنة الطب) ژمارە (٤١٥) ی ساڵی ١٩٥٤میسری، و یاسای (الصحة العامة ) ی ئەدەنی ژمارە (٤٧) بۆساڵی ٢٠٠٨، و یاسای سەندیکای پزیشکانی ئەردنی ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٧٢، و یاسای ( المسؤولية الطبية والصحية ) ژمارە (٢٥) ی ساڵی ٢٠١٨، و یاسای ئیماراتی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٦ی تایبەت بە بەرپرسیاریەتی پزیشکان، بۆمان دەرکەوت بەهەمان شێوە یاسا دانەر خۆی پاراستووە لە پێناسەکردنی پزیشکی شوێنگرەوە و هەمان مەنهەجی یاسادانەری عێراقی و کوردستانیان پەیرەوە کردووە.

بەپشت بەستن بە ئەو ڕوونکردنەوانەی پێشەوە بۆ یاسا پزیشکییە نێوخۆییەکان و نێودەوڵەتیاکان دەکرێ بووترێ لەڕووی دەستەواژەی یاساوە دەکرێ پێناسەی پزیشکی شوێنگرەوەی مرۆیی بکەین بەم شێوەیە:

پزیشکی شوێنگرەوەی مرۆیی بریتییە لە هەر پزیشکێکی ئاسایی کە بەشێوەیەکی کاتی پۆستێکی پزیشکی لە ناوەندێکی پزیشکی پڕدەکاتەوە، ماوەی کارکردنەکەی بەپێی یاسا دیاری دەکرێ و مەرجە هەمان پسپۆڕی پزیشکە ڕەسەنەکەی هەبێت.

**لقی دووەم: پێناسەی پزیشکی شوێنگرەوە لە ڕووی دەستەواژەی یاساناسانەوە**

وە لە ڕووی پێناسەی یاساناسانەوە لەگەڵ ئەوەی زۆربەی توێژەران و یاساناسان هیچ پێناسەیەکیان بۆ پزیشکی شوێنگرەوە نەکردووە، بەڵام دوای گەڕانێکی زۆر تەنها تاکە پێناسەیەک کە بەشێوەیەکی ورد و پوخت بۆ پزیشکی شوێنگرەوە کرابێ بریتییە لەم پێناسەیە:

پزیشکی جێگرەوە بریتییە لە پزیشکێک کە ڕێکارێکی پزیشکی وەک شوێنگرەوەیەک بۆ پزیشکی پسپۆڕی ئەسڵی ئەنجام دەدات، بە پشتبەستن بە ڕێنماییەکان یان فەرمانێکی کارگێری یان یاسایی، یان بە مۆڵەتی پزیشکی ئەسڵی و لە ژێر چاودێری ئەو یان بەبێ چاودێری ئەو، جا پزیشکی جێگرەوە پزیشکی پسپۆڕ بێت یان نا، و ئایا دەستێوەردانەکەی لەلایەن ئەوەوە نەشتەرگەری یان چارەسەری بێت، و ئەو پابەندە بە دابینکردنی چاودێری پزیشکی پێویست بۆ دامەزراوە پزیشکییە حکومییەکان یان ناحکومییەکان یان لە کلینیکەکانی تایبەتدا چارەسەری نەخۆشەکە بکەن، وە هەمان بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و یاسایی پزیشکە سەرەکیەکەی لەسەر دەبێت ( د. تحسین حمد سمایل و ئەوانی تر:٢٠٢٤، ١٠٩٠-١١٢٣).

بەگەڕانەوە بۆ ئەو پێناسانەی کە لە لەپێشەوەدا خسترانەڕوو وە ئەو سەرنج و تێبینیانەی کە باسیان لێوەکرا دەکرێ پزیشکی شوێنگرەوە بەم شێوەیە پێناسە بکەین:

پزیشکی جێگرەوە بریتییە لە پزیشکێک کە کارێک یان گشت کارە پزیشکیەکان وەک شوێنگرەوەیەک بۆ پزیشکی پسپۆری ڕەسەن ئەنجام دەدات، بە پشتبەستن بە ڕێنماییەکی یاسایی یان فەرمانێکی کارگێری، جا پزیشکی پسپۆڕ بێت یان نا، لە ژێر چاودێری ئەوبێت یان نا، وە پابەندە بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پزیشکی پێویست بۆ نەخۆش لە دامەزراوە پزیشکییە حکومییەکان یان ناحکومییەکان یان لە کلینیکەکانی تایبەتدا، وە هەمان بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و یاسایی پزیشکە ڕەسەنەکەی لەسەر دەبێت.)

وە سەبارەت بە توێژینەوەکەمان، مەبەست لە پزیشکی جێگرەوە، هەر کەسێکە کە کاری پزیشکی ئەنجام بدات، جا نەشتەرگەری بێت یان کلینیکی، لەبری پزیشکی سەرەکی پسپۆڕ و بە مۆڵەت و بێ مۆڵەتی ئەو یان ڕێنمایی کارگێری، وە یان ئەم پزیشکە جێگرەوەیە هێشتا خوێندکاری یەکێک لە کۆلێژە پزیشکییەکان بێت، یان پزیشک بێت، واتە هەر پزیشکێک کە لەبری پزیشکی پسپۆڕی دیاریکراو کاری پزیشکی ئەنجام بدات، کەسی سەرەکی بەرپرسی چارەسەری نەخۆشێک یان کە پێشتر لەگەڵ ئەم پزیشکە پسپۆڕە ڕێککەوتبێت، بەڵام ئەم دواتر پزیشکە سەرەکیەکە خۆی چارەسەرەکە ئەنجام نەدات.

**تەوەری دووەم: پێناسەی پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلکترۆنی**

وەک زانراوە سەرهەڵدانی زیرەکی دەستکرد (AI) و تەکنەلۆژیای تەندروستی دیجیتاڵی جۆرێکی نوێی یاریدەدەری پزیشکی هێنایە کایەوەکە دەتوانرێت پێی بڵێین پزیشکی ئەلیکترۆنی جێگرەوە، هەموو ئەو جیاکەرەو و پێشکەوتنە یەک لەدوای یەکانەی کە ڕۆژ بەڕۆژ زیرەکی دەستکردی زیاتر پێدەناسرێ ئاراستەکان بۆ ئەوە دەڕۆن کە وەک جێگرەوەی پزیشک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت لەڕووی بەرپرسیارێتی و سەربەخۆیی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا، بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی بابەتەکە بەسەر دوو لقدا دابەش دەکرێت، لە تەوەری یەکەمدا پێناسەی پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلکترۆنی لەڕووی دەستەواژەیی یاساوە دەکرێت، لە تەوەری دووەمدا پێناسەی پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلکترۆنی لە ڕووی دەستەواژەی یاساناسانەوە دەخرێتە ڕوو بەم شێوەیە:

**لقی یەکەم: پێناسەی پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلکترۆنی لەڕووی دەستەواژەیی یاساوە**

لەڕووی دەستەواژەییەوە هیچ پێناسەیەکمان نییە کە پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلیکترۆنی بناسێنێ، بۆیە هەوڵدەدەین لە خوارەوە پێناسەی درووست بۆ پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلکترۆنی لەڕووی دەستەواژەیی یاسایی وەربگرین، بەگەڕانەوە بۆ یاسا نێودەوڵەتیە پزشکیەکان دەبینین ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی زیرەکی دەستکرد (AI) ی بەم شێوەیە پێناسەکردووە : زیرەکی دەستکرد ئاماژەیە بۆ توانای ئەلگۆریتمەکانی کۆدکراو لە تەکنەلۆژیادا بۆ ئەوەی لە داتاکان فێربن تا بتوانن ئەرکی ئۆتۆماتیکی ئەنجام بدەن بەبێ ئەوەی هەموو هەنگاوێک بچنە ناوەوە پرۆسەکە دەبێت بە ڕوونی لەلایەن مرۆڤێکەوە بەرنامەی بۆ دابنرێت (ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی:٢٠٢١).

وە بەگەڕانەوە بۆ یاسا کارپێکراوەکانی وڵاتانی عەرەبی تێبینی دەکەین کە یاسادانەری ئوردن پێناسەیەکی نوێی بۆ سیستەمی زیرەکی دەستکرد لە یاسای مامەڵە ئەلیکترۆنیەکان ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥دا پێشکەش کردووە، لە مادەی ٢ی یاساکەدا نێوەندگیری ئەلیکترۆنی (الوسیط الالكتروني) بەم شێوەیە پێناسە کردووە:

بەرنامەیەکی ئەلیکترۆنییە کە بەکاردێت بۆ جێبەجێکردنی ئۆتۆماتیکی ڕێکارێک یان وەڵامدانەوەی ڕێکارێک بە مەبەستی دروستکردن، ناردن، یان گەیاندنی پەیامێکی زانیاری (قانون المعاملات الالكترونية الاردني :٢٠١٥، م٢).

هەروەها یاسادانەری عێراق لە یاسای واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵەی ئەلیکترۆنی ژمارە ٧٨ی ساڵی ٢٠١٢ پێناسەیەکی بۆ سیستەمی زیرەکی دەستکرد پێشکەش کردووە لە ماددەی هەشتەمی یاساکەدا نێوەندگیری ئەلیکترۆنی (الوسيط الالكتروني) بەم شێوەیە پێناسە کردووە: بەرنامەیەکی کۆمپیوتەریە یان هەر ئامرازێکی ئەلیکترۆنی تر کە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکارێک یان وەڵامدانەوەی ڕێکارێک بەکاردێت بە مەبەستی دروستکردن، ناردن، یان وەرگرتنی زانیاری (قانون التوقيع الالكتروني والمعاملات الالكترونية العراقي:٢٠١٢،م٨).

لەهەر یەک لەم دوو پێناسەیەی سەرەوە کە یاسادانەری ئەردەنی و عێراقی بۆ زیرەکی دەستکرد کردوویانە تێبینی دەکەین کە یاسادانەر سروشتی سیستەمی (AI ) ی وەک "بەرنامەیەکی کۆمپیوتەر یان ئامێرێکی ئەلیکترۆنی" پێناسە کردووە، هەروەها وەسفە یاساییەکەی بە "ناوەندگیری ئەلیکترۆنی" پێناسە کردووە، ئەم وەسفە یاساییەش بۆ چەمکی زیرەکی دەستکرد زۆر دوورە لە وەسفە ڕاستەقینە و سەردەمییەکان بۆ زیرەکی دەستکرد بە بەراورد بەو وەسفەی لە یاساکانی ئوردن و عێراقیدا هاتووە.

**لقی دووەم: پێناسەی پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلکترۆنی لەڕووی دەستەواژەیی یاساناسانەوە**

لە ڕووی پێناسەی یاساناسانەوە توێژەران لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەیان بۆ بەکارهێنانەکانی پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلیکترۆنی کردووە و هەریەکەیان نمونەیەک لە بەکارهێنانەکانی پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلیکترۆنیان وەرگرتووە، سەرەتا ئەگەر بێتوو پێناسەی زیرەکی دەستکرد (AI) وەربگرین دەبینین کە پێناسەکراوە بەوەی کە: بریتییە لە هەڵسوکەوت و تایبەتمەندییەکانی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر کە توانای لاساییکردنی توانا دەروونییەکانی مرۆڤ و شێوازی کارکردنیان پێدەبەخشێت، لە گرنگترینی ئەم تایبەتمەندیانە توانای فێربوون و دەرئەنجامدان و کاردانەوەیە بەرامبەر بەو دۆخانەی کە لە ئامێرەکەدا بەرنامە بۆ داڕێژراون (رشا محمد صالح احمد:٢٠٢٢، لە١٦).

هەندێکی تر لە توێژەران پێیان وایە کە (AI)تەنها یارمەتیدەرێکە بۆ پزیشکان و بەو شێوەیە پێناسەیان کردووە (AI) ئامرازێکی یارمەتیدەرە بۆ پراکتیکەکەیان، بەم شێوەیە ئەوان دان بەوەدا دەنێن کە ئەوان بەرپرسیارن لە هەموو ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن AI ئاگادار دەکرێنەوە (Aliasghar Karimi & Hamed HaddadPajouh, 2020).

بەگەڕانەوە بۆ ئەو پێناسانەی کە لە پێشەوەدا خرایە ڕوو بۆ پێناسەی پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلیکترۆنی دەبینین تا ئێستا ئاراستەی جیاواز لە نێوان یاساناسانەوە هەیە بۆ پێناسەکردن و دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلیکترۆنی، تا ئێستاش زۆرێک لە یاساناسان وەسفێکی دیار و سەربەخۆ بە پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلیکترۆنی نابەخشن و تەنها وەک یارمەتی دەرێک دەیبینن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاراستەی نوێ بۆ دیاریکردنی ئەو پێشکەوتنە یەک لە دوایەکانی لە بواری پزیشکیدا بەدیدەکرێن بەتایبەتی لە بەکارهێنانە نوێیەکانی زیرەکی دەستکرد بە ئاراستەی ئەوە دەڕۆن کە پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلیکترۆنی سیفەتی سەربەخۆیی هەیە.

## بەشی دووەم: گونجاندنی یاسایی درووست بۆ بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوەی مرۆیی و ئەلیکترۆنی و بنەمای یاسایی

دیاریکردنی بەرپرسیارێتی شارستانی ئامانجی سنووردارکردنی ئەو زیانانەیە کە کەسانی دیکە لە ئەنجامی پێشێلکردنی یاسایەکی یاسایی یان گرێبەستی تووشی دەبن، ئامانجی قەرەبووکردنەوەی لایەنی زیانلێکەوتووە لە پێشێلکردنی پابەندبوونێک کە لە یاسا یان ئیرادەیەکەوە سەرچاوەی گرتووە بە قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە تووشی بووە ( لیلان رشید فائق: ٢٠١٧، ٨)، بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوە وەک هەر بەر پرسیاریەکی پیشەیی پێویستی بەوەیە کە گونجاندنی یاسایی دروستی بۆ بکرێت و بنەمای یاسایی بۆ دیاری بکرێت.

### تەوەری یەکەم: گونجاندنی یاسایی دروست بۆ بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوەی مرۆیی و ئەلیکترۆنی

بەشێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠) ی ساڵی ١٩٥١ دوو جۆر لە بەرپرسیارێتی باسی لێوەکراوە، کە بەپێی سروشتی بەرپرسیارێتی و سەرچاوەی پابەندبوونەکە بەرپرسیاریەتیەکان جیاوازن، ئەوانیش بریتین لە بەرپرسیاریەتی گرێبەستی و بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوتی نوێ لە یاسازانی بەرەوە جۆرێکی تری نوێ لە بەرپرسیاریەتی شارستانی ڕۆیشتوون، ئەویش بەرپرسیاریەتی نا گرێبەستییە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەمە بابەتەکە دابەش دەکرێت بەسەر سێ لقدا، بەم شێوەیەی خوارەوە.

#### لقی یەکەم: بەرپرسیاریەتی پزیشکی شوێنگرەوە کەمتەر خەمییە

پزیشکی شوێنگرەوە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی وەک پزیشکێکی رەسەن ڕووبەڕووی بەرپرسیاریەتی دەبێتەوە بەگوێرەی یاسا لە دەرەنجامی ئەرکەکانیدا، بۆیە ئەگەر هاتوو هەر کەمتەرخەمیەک و چەوتیەکی ئەنجامدا لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا بەرامبەر نەخۆش و ئەو دامەزراوەی کە تیایدا کاردەکات ئەوا ڕووبەڕووی بەر پرسیاریەتی یاسای دەبێتەوە، هەندێ لە یاسا ناسان وەسفکردنی بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی بۆ ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی چەوتی پزیشکی شوێنگرەوە سەر هەڵدەدەن بە ڕاستترین سەرچاوەی دیاریکردنی ئەو پابەندبوونانەی کە بەسەر پزیشک دەسەپێنرێن دیاری دەکەن، چونکە هەر کەمتەرخەمیەک کە لەلایەن پزیشکەوە دەکرێ زیانی لێدەکەوێتەوە بە سەرپێچی دادەنرێ بۆ پابەندییەک کە یاسا بەسەر پزیشکی سەپاندووە، و ئەوەی کە بە یاسا دیاریکراوە نابێت پێشێلی بکات، بە پێچەوانەوە بەرپرسیاریەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ بە کەمتەرخەمی لە بەرامبەر ئەو پێشێلکارییەی کە ئەنجامی داوە ( هیام اسماعیل عبدالفتاح السحماوي، ٢٠٢٣: ل ٢٣).

لایەنگرانی ئەم ڕەوتە بەرپرسیارێتی پزیشکیان بە کەمتەرخەمی لەقەڵەمدا لەسەر بنەمایەی ئەوەی کە ئەرکی پیشەیی هیچ پەیوەندییەکی بە ڕێکەوتن و گرێبەستەوە نییە لەگەڵ نەخۆشدا، چونکە ئەو بێ ئاگایە لەو پابەندبوونانەی کە واژۆی کردووە، و ئەم بابەتە پزیشک و نەخۆشەکان دەگرێتەوە، بۆیە وا گریمانە ناکرێت کە ئەم پابەندبوونانە بچنە چوارچێوەی گرێبەستەکەوە، کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە پابەندیەکە نزیکترە لەو پابەندبوونانەی کە بە یاسا سەپێنراون نەک پابەندبوونە گرێبەستییەکان، هەروەها ئەو گرێبەستەی لەنێوان هەردوولادا واژۆ دەکرێت یەک ئەرکی هەیە، کە نەخۆشەکە تێچووی ئەو ماندووبوونانە دەدات بە پزیشک، و هیچ پابەندبوونێکی دیکە لەسەر پزیشکەکە نییە ( هاشم محمود العلي، ٢٠٢١: ٢٢ ).

لایەنگرانی ئەم ڕەوتە کۆمەڵێ بیانگە (حجة) و بەڵگە بۆ پاڵپشتی کردنی ئەم ڕایەی خۆیان دەهێننەوە، و گرنگترینیان بریتین لە: ژیانی مرۆڤ پێگەی گرێبەست نییە: ئەمەش ناواقیعییە، چونکە دانانی نەخۆش لەژێر کۆنترۆڵی پزیشکدا بۆ ئەوەی چۆن دەیەوێ مامەڵە بە جەستەیەوە بکات ڕێگە پێدراو نییە نە بە پێی یاسا نە بەپێی پێوەر و ستانداردە ڕەوشتییە پزیشکییەکان، و حاڵەتەکانی بەپەلە و پێویستی، وەک چارەسەرکردنی نەخۆشێک کە لە کۆمادایە یان لە حالەتی بێهۆشی لەسەر ڕێگای گشتی یان کەسێکی بریندار کە پزیشک نایناسێت و ناتوانێت پەیوەندی بە نوێنەری یاساییەوە بکات، دەکەونە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمی، لە کاتێکدا ئەگەر هیچ حاڵەتێکی پێویستی دەستێوەردانی پزیشکی نەبێت، پزیشک لە ئەرکی چاودێری نەخۆشەکەی بێبەری نییە هەم لە ڕووی یاسایی هەم لە ڕووی ڕەوشتی پزیشکییەوە (هاشم محمود العلي، ٢٠٢١: ٢٢ ).

بەڵام بۆچوونی باو سەبارەت بە سروشتی یاسایی بەرپرسیارێتی شارستانی پزیشک ئەوەیە کە دادگای تێهەڵچوونەوەی فەرەنسا بۆ یەکەم جار لە 1936/20/5 بڕیاری ژمارە 1936/1/188ی دەرکرد، کە بۆچوونی دەسەڵاتی دادوەری و یاسازانی فەرەنسی یەکلاییکردەوە، بەوەش ڕەوتی نوێی یاسازانی بەردەوام بوو لەسەر ئەم ڕایە کە کاتێک پزیشک دەست دەکات بە چارەسەرکردنی نەخۆشەکەی لە ژێر بارودۆخی ئاساییدا، بەزۆری ڕێککەوتنێکی لەگەڵ نەخۆشەکەدا کردووە، بۆیە بەرپرسیارێتی پزیشک لە چەوتییە پیشەییەکانی، هەروەها چەوتیەکانی هەموو یاریدەدەرانی بواری پزیشکی، لەوانەش هاوکارەکانی، پزیشکانی نەشتەرگەری، پزیشکی ددان، پزیشکی بێهۆشکەر، پزیشکی تیشک، پەرستار، دەرمانساز، تاقیگە و ئەوانی تر، بەرپرسیارێتییەکی گرێبەستییە، تەنانەت ئەگەر چارەسەرەکە بەبێ بەرامبەر و وەک بابەتی هاوڕێیەتی و ڕێز پێشکەش کرابێت، بەڵام لەوانەیە حاڵەتی ڕیزپەڕ ( استثناء) سەرهەڵبدات کە بەرپرسیارێتی پزیشکی شوێنگرەوە تیایدا کەمتەرخەمی بێت، بە تایبەت لە کاتی نەبوونی پەیوەندی گرێبەستیدا، وەک لە هەندێ حاڵەت کە بەرپرسیارێتی تێیدا کەمتەرخەمییە، و بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمی لەسەر بنەمای مادەکانی (١٢٤٠ و ١٢٤١ و ١٢٤٢)ی یاسای شارستانی فەرەنسا دامەزراوە، کە برگەکانی بەرپرسیارێتی لە کردەوەکانی تاک و ئەوانەی لە ژێر بەرپرسیارێتی ئەو کاردەکەن لەخۆدەگرن ( هاشم محمود العلي، ٢٠٢١: ٢٤).

لەمەی پێشەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە سەرەڕای بوونی ڕایەکی یاسازانی فەرەنسی لەسەر دیاری کردنی بەرپرسیاریەتی پزیشکی بەشێوەیەکی گشتی بە بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕەوتە یاسازانییە هەر لەلایەن خودی یاسازانەکانی فەرەنساوە ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنەی توند بوونەتەوە، بەوەی کە تەنها لە چەند بارودۆخێکی تایبەتییدا و ڕیزپەڕدا دەکرێ بەرپرسیاریرتی پزیشک وە بەدواشیەوە بەرپرسیاریەتی پزیشکی شوێنگرەوە بە بەرپرسیاریەتییەکی کەمتەرخەمی لە قەڵەم بدرێ.

## لقی دووەم: بەرپرسیاریەتی پزیشکی شوێنگرەوە گرێبەستییە

یاسازانان چەندین پێناسەی جیاوازیان بۆ ئەم بابەتە کردووە، چەمکی گرێبەست بەو واتایەیە کە پەیوەندی نێوان نەخۆش و پزیشک لەسەر بنەمای متمانەیە، وە ئەم متمانەیە پێویستی بەوە نییە کە نەخۆش گرێبەستێکی سپی بۆ پزیشکەکە واژووبکات، بەڵکو بریتییە لە متمانەیەکی دوولایەنەیە و هاوکاریەکی بەرهەمدارە لە نێوان دوولایەنەکەدا ( أحمد محمود سعد، ١٩٨٣: لا ٢١٣)، هەروەها گرێبەستی پزیشکی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: "بریتییە لە ڕێککەوتنێک لە نێوان پزیشک و نەخۆش، کە لایەنی یەکەم پابەندە بە دابینکردنی چارەسەر، لە کاتێکدا

لایەنی دووەم پابەندە بە پێدانی پارەی چارەسەرکردن یان کرێی پزیشک، جێبەجێنەکردنی پزیشک لە ئەرکەکانیدا دەبێتە هۆی بەرپرسیارێتی گرێبەست لەسەر بنەمای پێشێلکردنی پابەندبوونێکی گرێبەستی لەسەر بنەمای ئەو گرێبەستەی لە نێوانیاندا ئەنجامدراوە" ( عبدالرزاق السنهوري، ٢٠٠٠: لا ٨٤٧ ).

یاسازانی فەرەنسی دوای ئەو ئاراستە باوە فکرییەی کە بۆ بەرپرسیارییەتی پزیشک بەرامبەر بە نەخۆش خستیەڕوو کە پێیان وابوو بەرپرسیاریەتییەکە کەمتەرخەمییە، بەڵام ئاراستەی خۆی بۆ ئەم بابەتە گۆڕی داوایان کرد کە بەرپرسیارێتی پزیشک لە چەوتییەکەی بەرامبەر بە نەخۆش لە ئەگەری بوونی ڕێککەوتنێکی ئاشکرا یان ناڕوون لە نێوان ئەو و نەخۆشەکەدا بەرپرسیارێتییەکی گرێبەستییە، هەروەها لە ئەگەری ئەوەی پزیشکەکە لەلایەن لایەنی سێیەمەوە هەڵببژێردرێت، وەک نەخۆشخانە یان خاوەنکار، وەک دانانی مەرج بۆ بەرژەوەندی نەخۆشەکە، بەرپرسیارێتییەکە دەکاتە گرێبەستی ( ودیع فرج: لا ٣٩٤ ).

بەمەش یاسازانی فەرەنسا لەسەر ئەوە جێگیر بوو کە بەرپرسیارێتی پزیشک گرێبەستییە بەرامبەر نەخۆش، تەنانەت ئەگەر چارەسەرەکە بەبێ بەرامبەر بێت، وەک ئەوەی پزیشکێک چارەسەری هاوکارێکی بکات، ئەوەی پزیشک پێشکەشی هاوکارەکەی دەکات بە خزمەتگوزارییەکی بێبەرامبەر نازانرێت، چونکە نەبوونی بەرامبەر کە پزیشک و نەخۆش لەسەری ڕێککەوتوون لە نێوانیاندا، بەزۆری لەسەر بنەمای بیرۆکەی ئاڵوگۆڕکردنە، بۆیە گرێبەستەکە لە واقیعدا گرێبەستی ئاڵوگۆڕکردنە ( د. رمضان محمد أبو السعود، ١٩٨٤:لا ٧٠)، بەمەش ئەگەر هاتوو پزیشکی شوێنگرەوە بەهەر مەمەبەستێک چارەسەری نەخۆشی کرد و چارەسەرەکە بە بەرامبەر بێت یاخود بێبەرامبەر ئەوا پابەندیی یاسایی دەکەویتە سەر و پابەندییەکەی لەڕووی یاساییەوە وەک پابەندییەکی گرێبەستی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

بەشێوەیەکی گشتی یاسازانی عەرەبی نوێ و لەوانە یاساناسانی عێراقی، لە نێویاندا (عبدالرزاق سنهوری) (عبدالرزاق السنهوری، ٢٠١٠: لا ١١٨) پاڵپشتی ئەم ڕایەیی یاسازانی فەرەنسی دەکات لەسەر ئەم ڕایە، بۆیە بۆ ئەوە ڕۆیشتوون کە بەرپرسیاریەتی پزیشک بەرامبەر بەنەخۆش بەرپرسیاریەتییەکی گرێبەستییە، وەکو اصلێکی گشتی، ئەوەش گرنگی ئەرکی سەلماندن کە دەکەوێتە ئەستۆی نەخۆش کەم ناکاتەوە، لایەنگرانی ئەم ڕەوتە بۆ پشتگیریکردنی بۆچوونەکەیان کۆمەڵێ پاساو و بەڵگە دەهێننەوە بە پەنابردنە بەر کۆمەڵێک بنەمای یاسایی، وەک پابەندی پزیشک بۆ پێشکەشکردنی چاودێری لە باری پەسەندکردنی بانگهێشتی نەخۆشەکە بۆ گرێبەست – و پەنابردن بۆی – پابەندبوونێکی گرێبەستییە، چونکە هێشتنەوە و پارێزگاری کردن لێی کاریگەری لەسەر ڕەزامەندی نەخۆشەکە هەیە بۆ وەرگرتنی چارەسەر، بەم جۆرە جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆی پزیشکەکەی پابەندبوونێکیی گرێبەستیە، ڕەزامەندی نەخۆش لێرەدا تەنها بە مانای قەبوڵکردن نییە کە لە نەخۆشەکە دەرچووە، لەگەڵ قبوڵکردنی پزیشکەکەدا دەبێتە هۆی ئەوەی گرێبەستەکە ئەنجام بدرێت، بەڵکو ئەو ڕەزامەندییەی لێرەدا لە جۆرێکی تایبەتە کە یاسا داوای دەکات بۆ ڕەوایەتی کاری پزیشکی، هەروەها پێیان وایە کە ڕێککەوتنی نێوان پزیشک و نەخۆش مافی ئەوە بە پزیشکی چارەسەرکەر نادات کە زیان بە نەخۆشەکە بگەیەنێت، وئەرکی ئەو بەرامبەر بە نەخۆشەکە ئەو گرێبەستە پزیشکییەیە کە لە نێوان هەردوو لایەنەکەدا ئەنجامدراوە، کە پابەندبوونێکی سروشتی گرێبەستی لەسەر پزیشک دادەنێت، بەرامبەر بە بنەما و ڕێساکانی پیشەی پزیشکی، هەروەها نیزامی گشتی کەمترین ئاستی ئەرکەکانی پزیشک دیاری دەکات بەرامبەر بە نەخۆشەکە ( هاشم محمود العلي، ٢٠٢١١: لا ١٧).

بەم پێیەش دەکرێ بوترێ ئەگەر پزیشکە شوێنگرەوە مرۆییەکە یاخود ئەلیکترۆنیەکە ئەو خزمەتگوزارییەی کە پێشکەشی دەکات لەگەڵ ئەو تایبەتمەندیانەی کە لە گرێبەستەکەدا هاتووە

نەگونجێت، ئەوا نەخۆش مافی ئەوەی هەیە داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بکات، بەرپرسیارێتی گرێبەست کاتێک سەرهەڵدەدات بەرامبەر پزیشکی شوێنگرەوەی ئەلیکترۆنی کە کارایی ڕۆبۆتەکە لەگەڵ مەرجەکانی گرێبەستەکەدا نەگونجێت، تەنانەت ئەگەر هیچ زیانێکیش نەبێت، پابەندنەبوونی ڕۆبۆتەکە لەگەڵ مەرجەکانی گرێبەست، مافی قەرەبووکردنەوە بۆ نەخۆش دروست دەکات، بۆیە نەخۆش ناچار نییە شتێک قبوڵ بکات کە شایستە نەبێت، تەنانەت ئەگەر بابەتەکە بەهای یەکسان یان زیاتریش بێت ( محمد البكري، ٢٠١٩: ل ٤٢٦).

لەمەی پێشەوە سروشتی بەرپرسیاریەتی پزیشکی شوێنگرەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا بەدیار دەکەوێ، کە سروشتێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ دروستکردنی بەرپرسیاریەتی یاسایی کە بەشێوەیەکی گشتی و بەرپرسیاریەتی گرێبەستی بەتایبەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە یاساناسان پێیان وایە کە بەرپرسیارێتی شارستانی بۆ پزیشک بەشێوەیەکی گشتی وەک بەرپرسیارێتییەکی گرێبەستی لەسەر بنەمای پێشێلکردنی پابەندبوونە گرێبەستییەکانی نێوان لایەنەکانە، وە بۆ پشتگیری کردنی ئەم ڕایەشیان کۆمەڵێ بەڵگە دەهێننەوە، هەریەکە لە پیشەکانی (دکتۆر و ئەندازیار و پارێزەران) لەگەڵ ئەو لایەنەی کە گرێبەستی لەگەڵ دەکەن پەیوەستن بە گرێبەستێکەوە، کە پێگەی کارەکە بریتییە لە پێشکەشکردنی خزمەت گوزاریەک، بۆیە هەر لادانێک لە ئەرکە پیشەییەکانیان ڕووبەڕووی بەرپرسیاریەتی گرێبەستی دەبنەوە، چونکە گرێبەستەکە پابەندبوونی یەکتر لە نێوان هەردوولادا دەسەپێنێت (عبدالرزاق السنهوری، ٢٠١٠: ل ١١٨)، بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەرپرسیاریەتی گرێبەستی پزیشکی شوێنگرەوە بریتییە لەو بەرپرسیاریەتیەی کە لە ئەنجامی پێشێلکردنی پابەندبوونێکی گرێبەستییەوە دێتە کایەوە لە نێوان نەخۆش و ئەو پزیشکە شوێنگرەوەی کە شوێنی پزیشکە ڕەسەنەکەی گرتوتەوە، و لەبەر ئەوەی گرێبەستەکە بە یاسا و بنەمای ڕەوایەتی لایەنەکانی گرێبەستکار دادەنرێت، ئەوە پێویستە لەسەر لایەنەکان ڕێز لە ناوەڕۆکەکەی بگرن و سەرپێچی نەکەن.

## لقی سێیەم: بەرپرسیاریەتی پزیشکی شوێنگرەوە نا گرێبەستییە

وەک زانراوە کە یاسازانی کۆن بەرپرسیارێتی دابەش کردووە بەسەر بەرپرسیارێتی گرێبەستی و بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمی، بەڵام ئەوە ڕوون بووەتەوە کە ئەم دابەشکردنە سنووردارە بە ئەو پێشێلکارییەی کە لە ئەنجامی گرێبەست و کردەوەی نایاسایی (العمل غير المشروع) دروست دەبێت و ناتوانێت ئەو پێشێلکارییە بگرێتەوە کە لە ئەنجامی باقی سەرچاوەکانی پابەندبوونەوە ( التزام) دروست بووە، بەم پێیە، ئەم دابەشکاریی ڕووبەڕووی ڕەخنە و سەرنجی زۆری یاساناسان بووەتەوە، ئامانجی ئەم ڕەوتە بریتییە لە ڕۆشنایی خستنە سەر کەموکوڕییەکانی دابەشکردنی تەقلیدی بەرپرسیارێتی شارستانی بە سنووردارکردنی بە هەر یەکە لە بەرپرسیارێتی گرێبەستی و کەمتەرخەمی.

ئەم بەرپرسیارێتییە لە پێشێلکردنی پابەندبوونێک یان پابەندبوونێکی ناگرێبەست (الالزام أو الالتزم غير العقدي) و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی لایەنی زەرەرمەند سەرهەڵدەدات، لقە جیاوازەکانی بەرپرسیارێتی لەخۆدەگرێت، کە بەپێی زاراوەی بەرپرسیارێتی ناگرێبەستی (المسؤولية غير العقدية) پۆلێن دەکرێن، واتە تەنیا بە بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی سنووردار نییە، بەڵکو بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی بە بەشێک لە بەشەکانی بەرپرسیارێتی ناگرێبەستیی دادەنرێت، بەم شێوەیە، بەرپرسیارێتی گرێبەست بەراورد دەکرێت بە بەرپرسیارێتی ناگرێبەست، یاسادانەری عێراقی لە ڕێگەی یاسای چاکسازی لە سیستەمی یاسایی ژمارە ٣٥ی ساڵی ١٩٧٧دا بەرپرسیارێتی مەدەنی دابەشکردووە بەسەر گرێبەستی و



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ناگرێبەستدا ( قانون إصلاح النظام القانوني، ١٩٧٧: ٣٦-٣٧)، ئەوەش لەگەڵ ئەو ڕەوتە یاسازانییە نوێیە یەک دەگرێتەوە کە لە ئێستادا زۆربەی زۆری یاساناسان پشتگیری دەکەن.

بەرپرسیارێتی شارستانی ناگرێبەستیی پێناسەکراوە بەوەی کە بریتییە لە (هەڵگرتنی ئەو دەرئەنجامانەی کە لە ئەنجامی پێشێلکردنی پابەندی یان پابەندبوونێکی ناگرێبەستەوە دروست دەبێت و قەرەبووکردنەوەی لایەنی زەرەرمەند بۆ ئەو زیانانەی کە بەری کەوتووە) ( (زینە منعم مظهر، ٢٠٢٣: لا ٤٩).

یاساناسان پێیان وایە کەمتەرخەمی لە پێناسەکردنی بەرپرسیارێتی ناگرێبەستیی و سنووردارکردنی بە بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی بۆ بێتوانایی لە ڕێکخستن و دیاریکردنی قەرەبووکردنەوە دەگەڕێتەوە لە هەندێک لەو حاڵەتدا کە هیچ چەوتییەک( الخطأ) ڕوینەداوە، لە ڕووی واقیعەوە لە ڕێگەی جێبەجێکردنەکانەوە نیشاندراوە کە حاڵەت هەیە چەوتی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسیارێتی وەکو بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی تێیدا دیاریکراوە، لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئایا دەتوانرێت بڵێین کە چەوتی بە تەنها بەسە وەک چەمکێکی تاکەکەسی ( فكرة فردية) بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی شارستانی لە یاسا بەراوردکارییەکاندا لەسەری دابمەزرێ بۆ بەدەستهێنانی پاراستنی پێویست بۆ لایەنی زیانلێکەوتوو؟ لە وەڵامی ئەمەشدا دەکرێ بوترێ نەبوونی چەوتی بۆ پاساوهێنانەوە بۆ زۆرێک لەو کەیسانەی کە چەوتیان تێدا نییە، ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکەنەوە کە مەرج نییە بۆ هاتنەکایەی بەرپرسیاریەتی چەوتی بوونی هەبێت، لەکاتێکدا یاسا قەرەبووی زیانەکانی دیاریکردووە، بۆیە سەرنجمان داوە بە سەرهەڵدانی تیۆرییەکان کە هەوڵیان داوە ڕێگایەکی یاسایی وەک میکانیزمێکی یاسایی شوێنگرەوە بۆ بیرۆکەی چەوتی بۆ ئەم جۆرە کەیسانە بدۆزنەوە، یەکێک لە گرنگترین ئەو تیۆریانە تیۆری بەرپرسیارێتی بابەتیی و تیۆری گەرەنتییە، کە بنەمای هەردوو تیۆرییەکە زیانی بێ چەوتیە (زینە منعم مظهر، ٢٠٢٣: لا ١٨١).

بە گەڕانەوە بۆ ئەوەی لە پێشەوەدا خرایە ڕوو دەبینین کە بەرپرسیاریەتی ناگرێبەستی بۆ پزیشی شوێنگرەوە ڕەنگە لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا بێتە کایەوە، بەتایبەتی لەو حاڵەتانی کە ناتوانرێ چەوتی بسەلمێنرێ و لەهەمان کاتدا ناکرێ بوترێ پزیشکەکە بەرپرسیاریەتی یاسایی ناکەوێتەسەر، بۆیە لەو بارودۆخانەدا باشترین چارەسەر ئەوەیە کە دان بە بوونی بەرپرسیاریەتی ناگرێبەستی بنرێت بۆ پزیشکە شوێنگرەوەکە، چونکە وەک لە پێشتر خرایەڕوو کەمتەرخەمی لە پێناسەکردنی بەرپرسیارێتی ناگرێبەستیی و سنووردارکردنی بە بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی بۆ بێتوانایی لە ڕێکخستن و دیاریکردنی قەرەبووکردنەوە دەگەڕێتەوە لە هەندێک لەو حاڵەتدا کە هیچ چەوتییەک ڕوینەداوە، چونکە لە ڕووی جێبەجێکردنەکانەوە نیشاندراوە کە چەندین حاڵتی بەرپرسیاریەتی پزیشکی هەبووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە چەوتی بسەلمێنرێ.

## تەوەری دووەم: بنچینەی یاسایی بۆ بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوە

دیاریکردنی بنچینەی یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوە بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان دوو ئاڕاستە دەخولێتەوە، بەشێک لە یاساناسان پێیان وایە کە بنچینەی یاسایی بەرپرسیاریەتی پزیشکی شوێنگرەوە هەڵەیە، وە بەشێکی تری یاساناسان پێیان وایە کە بنچینەی بەرپرسیاریەتی پزیشکی شوێنگرەوە زیانە.

### لقی یەکەم: چەوتی وەک بنەما بۆ بەرپرسیاریەتی پزیشکی شوێنگرەوە

چەوتی پزیشکی لە یاسای ئەرک و مافەکانی نەخۆشی هەرێمی کوردستان ژمارە ٨ی ٢٠٢٠ لە مادەی یەکەم برگەی (یازدەهەم) بەم شێوەیە باسکراوە: چەوتی پزیشکی ئەو ئاڵۆزکانە نەخوازراوانەیە کە لە ئەنجامی هەر کەمتەرخەمیەکی پیشەیی یان تەکنیکی یان ناشارەزایی یان پشتگوێخستن ڕوودەدات، و لەگەڵ ڕێساکانی دەستدانە پیشەی پزیشکی و چارەسەریی ناگونجێت و دەبێتە هۆکارێک بۆ زیان گەیاندن یان دروستبوونی پەککەوتەیی یان مردنی نەخۆش ( یاسای ئەرک و مافەکانی نەخۆشی هەرێمی کوردستان – عێراق، ٢٠٢٠: م (١) یازدەهەم).

وە بەگوێرەی یاسای ژمارە 26ی ساڵی 2013ی تایبەت بە پاراستنی پزیشکان: پێویستە کاتێک چەوتییەکی پزیشکی ڕوویدا یان سکاڵا لە بەردەم دادگاکان تۆمار کرا لەسەر هەر پزیشکێک، جا پزیشکی ڕەسەن بێت یاخود شوێنگرەوەکەی، پێش گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێکی یاسایی، پێویستە لیژنەیەکی تایبەتمەند پێکبهێنرێت لە وەزارەتی تەندروستی بۆ دیاریکردنی ئەو چەوتییە لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە، بۆ ئەوەی دیاری بکرێت کە ئایا بە مەبەست بووە یان نا، و ئایا بە مەبەستی پاراستنی پزیشکەکان سکاڵا تۆمار دەکرێت بەهۆی بێهۆشکردن، یان ئامێرەکان، یان پزیشکی نەشتەرگەرییەوە بووە ( یاسای پاراستنی پزیشکانی عێراقی: ٢٠١٣، م ٣)، ئەمەش ڕێگری دەکات لە گرتنەبەری هەر ڕێوشێنێکی تری پێشوەختە بەرامبەر بە پزیشکان، چونکە پێش هەر ڕێکارێکی تری یاسایی پێویستە لیژنەی تایبەتمەند پێکبهێنرێت.

بەگەڕانەوە بۆ یاسای شارستانی عێراقی دەبینین کە یاسادانەر پێناسەیەکی یەکگرتوو و تایبەتی بۆ چەوتی نەکردووە، وەک لە دەقە یاساییەکاندا پێناسە کراوە، یاسادانەری عێراقی ڕاهاتووە بە بەکارهێنانی دەستەواژەی "دەستدرێژی"( التعدي) لە شوێنی جیاجیا لە یاسای شارستانیدا، وەک چۆن لە برگەی یەکەمی ماددەی (١٨٦) دا هاتووە: "ئەگەر کەسێک زیان بە موڵکی کەسێکی تر بگەیەنێت یان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەهاکەی کەم بکاتەوە، ئەوا بەرپرسیار دەبێت ئەگەر بە مەبەست یان لە ڕێگەی دەستدرێژییەوە ئەم زیانەی گەیاندبێت" ( یاسای شارستانی عێراقی، ١٩٥١: م ١٨٦)، هەروەها لە ماددەی (٢٠٤) دا هاتووە "هەر دەستدرێژیەک کە زیان بە کەسێکی دیکە بگەیەنێت جگە لەوەی لە مادەکانی پێشوودا باسکراوە، پێویستی بە قەرەبووکردنەوە هەیە") ( یاسای شارستانی عێراقی، ١٩٥١: م ٢٠٤)، دەستەواژەی "دەستدرێژی" لە دوو مادەی پێشوودا، ناتوانرێت لێک دانەوەی بۆبکرێت مەگەر بەگوێرەی ئەو بنەمایە یاساییانەی کە زانایانی شەریعەتی ئیسلامی لێکدانەوەیان بۆ کردووە، واتە دەرچوون لە بازنەی ڕێگەپێدراوی یاسایی بە کردەوەیەکی جەستەیی یان نەکردنی (امتناع) کارێک، جا ئەم کارە نادروستە هۆشیاریی لەگەڵدا بێت یان نا ( جلال محمد عبدالله، ١٩٨٢: لا ١٨٠).

هەندێ لە لایەنگرانی ئەو بیرەی کە پێیان وایە چەوتی بریتییە لە بنچینەی یاسایی بۆ هاتنەدی بەرپرسیاریەتی شارستانی لەنێویشیاندا (بلانیول) پێی وایە کە ئەگەر بێت و چەوتی وەکو بنچینە دابنێین بۆ بەرپرسیاریەتی شارستانی ئەوە نزیکترە لە دادپەروەری، چونکە بەرپرسیاریەتی شارستانی بەبێ بوونی چەوتی نا دادپەروەرییە، بۆیە هەندێ لە یاساناسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کە پێویستە چەوتی وەک بنچینە بۆ بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشک دیاری بکرێت، بەگوێرەی ئەم ئاراستە فقهیەی یاسا ئەگەر بێت و چەوتی وەک بنەمایەکی یاسایی بۆ بەر پرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوە دیاری بکرێت، ڕوو بەڕووی پرسیارێک دەبینەوە، ئەویش ئایا جۆری ئەو چەوتییە پزیشکییە چییە کە پزیشکی

شوێنگرەوە لە ئەنجامیدا ڕوو بەڕووی بەر پرسیارەتی دەبێتەوە، چونکە وەک زانراوە چەوتی پزیشکی لە ڕووی سروشتەوە بە شیوەیەکی گشتی دابەش دەکرێ بەسەر چەوتی ئاسایی ( خطأ عادي) وە چەوتی هونەری ( خطأ فني) (مولاي محمد لمين، ٢٠١٥: ٣)، بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە سەرەتا باس لە جۆرەکانی چەوتی پزیشکی دەکرێ دواتر دیاری دەکەی ئایا ئەو چەوتییەی کە بەرپرسیاریەتی شارستانی درووست دەکات بۆ پزیشکی شوێنگرەوە چ جۆرە چەوتییەکە.

چەوتی ئاسایی و چەوتی هونەری: چەوتی ئاسای بریتییە لەو چەوتییەی کە لەدەرەوەی چوارچێوەی چەوتی هونەریدایە، واتە هەر چەوتییەک بێت کە بە لادان لە پابەندی دیاریکرابێت و گریمانە کراو بێت لەسەر تەواوی خەڵکی بەوەی هۆشیاری و چاودێری ( الحيطة و العناية) ی پێویست بگرنە بەر لە کاتی ڕابوون بە کارێکی دیاریکراو، بۆ ئەوەی بەدووربن لەوەی کە ئەم کارە ببێتە هۆی هەر دەرەنجامێکی زیان بەخش و نا رەوا، بۆیە دەکرێ چەوتی ئاسایی بەم شێوەیە پێناسە بکرێ کە بریتییە لە هەر چەوتیەک کە لە هەر کەسێک دەر دەچێت و پەیوەندی بە سیفەتی پزیشکییەوە نییە، بۆیە زۆرجار بە چەوتی ماددی ناودەبرێ زیاتر، بۆ نموونە پزیشکێک هەڵسێ بە ئەنجامداکی کاری نەشتەرگەری بۆ نەخۆش لە کاتێکدا خۆی سەرخۆش بێت، یاخود یەکێ لە پێداویستیەکانی نەشتەرگەری لە نێو شوێنی نەشتەرگەری جێبهێڵێت، یاخود لە کاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەری بنەماکانی پاک و خاوێنی ڕەچاو نەکات یاخود دەستی ڕاستی بریندار بێت پزیشکەکە لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسێ بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆنەخۆش (مولاي محمد لمين، ٢٠١٥: ٣)، هەموو ئەو نمونانەی کە لە پێشەوە خرایەڕوو بە چەوتی ئاسای دادەنرێن بۆ پزیشکی شوێنگرەوە، واتە ئەو چەوتیانە لە ڕووی هونەریەوە پەیوەندیان بە ئەداکردنی کاری پزیشکیەوە نییە، لە بەر ئەوەی جیاوازی ناکات لە نێوان ئەنجامدانی لە لایەن کەسیی ئاسایی و پزیشکێکی پسپۆڕەوە، چونکە پەیوەندی بە لایەنی هوونەری کارەکەوە نییە وەک پیشەی پزیشکی، بۆیە ناو دەبرێ بە چەوتی ئاسایی.

بەڵام سەبارەت بە چەوتی هونەری یاخود چەوتی پیشەیی، ئەوا دەکرێ بوترێ بریتییە لەو چەوتییەی کە لە چوارچێوەی پیشەدایە، کە ئەو کەسەی خاوەنی ئەو پیشەیە ئەنجامی دەدات، هەروەها ئەو چەوتییە بریتییە لە لادانی کەسی هونەری لە کارەکەی وەک لادانی پزیشک لە بنەما و ڕێسا زانستی و هونەریە پزیشکییەکان کە بەگوێرەی شێواز و بنەمای یاسایی گشتی بۆی دیاری کراوە و سەپێنراوە بەسەریدا بۆ هەڵسان بەو کارە و ئەنجامدانی ( مولاي محمد لمين، ٢٠١٥: ٣)، لە نمونەی ئەم جۆرە چەوتییەدا کە پزیشکێک ئەنجامی بدات وەک ئەو چەوتییەی کە پزیشک ئەنجامی دەدات لە دیاریکردنی نەخۆشی ( تشخيص المرض)، یاخود هەڵسانی پزیشکی نا تایبەتمەند بە نەشتەرگەری بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ نەخۆش، یاخود هەڵنەستانی پزیشک بە کارێک کە نەخۆش داوای دەکات و بەگوێرەی بنەما پزیشکییەکان پێویستە پزیشکەکە بەو کارە هەڵسێت (أسعد عبد الجميلي، ٢٠٠٩: ١٠٩).

یەکێ لە بۆچوونە یاسازانییەکان دەربارەی بەرپرسیارەتی پزیشک هەیە لە چەوتی هونەریدا کە پێی وایە نابێت لە چەوتی هونەریدا پزیشک بەرپرسیار بکرێت سەبارەت بە چەوتییە پزیشکییەکانی کە پەیوەندیدارن بە شێوازی چارەسەرکردن و ئەو دەستوەردانە نەشتەرگەریانەی کە ئەنجامیدەدات لە میانەی نەشتەرگەریەکانیدا، یان ئەو بەڵگە زانستیانەی کە پشتگیری لەو چارەسەرە دەکەن کە دەینوسێت، ئەم بۆچوونە لەسەر ئەوە دامەزراوە کە ئەگەر پزیشکێک مۆڵەت و بڕوانامەی زانستی بەدەست بهێنێ و بە هاوکاری دەوڵەت مۆڵەتی پیشەی پزیشکی پێ بدات، ئەوا شایەنی ئەوەیە کە کارەکان بە شێوەیەکی ئازادانە ئەنجام بدات



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

و متمانەی پێبکرێت و ئەنجامی خوازراو بەدەست بهێنێت، لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە زانست و زانستی پزیشکی بەو پێیەی کە زانستێکی پێشکەوتوو و جێگیر نییە و بەردەوام گۆڕانکاری تیایدا ئەنجام دەدرێت، و پشت بە دەستنیشانکردن و لێکۆڵینەوە دەبەستێت، ئەمەش وادەکات پزیشک بە ئاسانی بکەوێتە چەوتی، بەرزکردنەوەی بەرپرسیارێتیەکانی بەواتای کۆتکردنی ئازادیی پزیشکەکە دێت بۆ دیاری کردن و پێشنیارکردنی چارەسەری نوێ و گونجاو بۆ نەخۆش، و پێگە و پلەی زانستی پزیشک کەم دەکاتەوە، بەوەش پێشکەوت و گەشەی بواری پزیشکی دوادەخات و وردە وردە پەکی دەکەوێت، بەپێی ئەم بۆچوونە پزیشک تەنها لەبەردەم ویژدانی خۆی و لەبەردەم ڕای گشتیدا بەرپرسیارە ( مولاي محمد لمين، ٢٠١٥: ٤).

ئەم بۆچوونە لەلایەن لایەنێکی یاسازانی وەڵامدراوەتەوە، کە داوا دەکات پزیشک بەرپرسیار بێت بەرامبەر بە هەر چەوتییەکی هونەری کە ئەنجامی دەدات، بۆ پاڵ پشتی کردنی ئەم ڕایەیان دەڵێن کاتێک یاسادانەر مەرجی بۆ دورخستنەوەی ئەو کەسانەی کە بڕێکی پێویستی زانیاری بەدەست نەهێنابێت لە چارەسەر کردنی نەخۆش، کە وای لێکردبێت بەتوانا و لێهاتوو بێت لە چارەسەرکردنی نەخۆش، ئەوە مەبەستی یاسادانەر بڕوانامەی زانستی نییە، بۆ ئەوەی کە بە بێ چەوتی بزانێت، بڕوانامە پەیوەندی بە کاتی بەدەستهێنانیەوە هەیە و دڵنیا نییە لە بەردەوامبوونی ئەم لێهاتووییە دوای ئەوە، و بڕوانامەکە بە تەنیا یارمەتی لایەنگرانی ئەم تیۆرییە نادات بۆ ئەوەی پزیشکەکە لە بەرپرسیاریەتی بەدەر بکەن، سەبارەت بەوەی کە کاری پزیشکی زانستێکی پەرەسەندوو و ناسەقامگیرە، سەرەڕای دانپێدانان بەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یاسا و ڕێوشوێنی خۆپارێزی جێگیر و نەگۆڕ هەیە کە لە ماوەی چەندین ساڵدا کاری پێکراوە کە یارمەتی پزیشک دەدات پابەند بێت و هەر لادانێک لەو کارەدا بەرپرسیارێتی یاسایی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەروەها ئەم ڕایە بۆ ئەوە چووە کە جیاوازی لە نێوان چەوتی هونەری و چەوتی ئاسایی کە پزیشک ئەنجامی دەدات هیچ سەنەد و پاڵپشتیەکی نییە لە یاسا، ( مولاي محمد لمين، ٢٠١٥: ٥).

بە گەڕانەوە بۆ ئەوەی لە پێشەوەدا خرایەڕوو دەبینین کە پزیشکی شوێنگرەوە بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر بە نەخۆش لەو چەوتییەی کە ئەنجامی داوە، جا چەوتییەکە هونەری بێت یاخود چەوتییەکی ئاسایی، وە پێوەری چەوتی بۆ چەوتی ئاسایی بریتییە لە کەسی ئاسای وە بۆ چەوتی هونەری پێوەرەکە بریتییە هەڵسەنگاندنی ئەو چەوتییەی کە ئەنجامی داوە بە چەوتی کەسێکی ئاسایی و مامناوەند لە کەسانی پیشەیی.

## لقی دووەم: زیان وەکو بنچینە بۆ بەرپرسیاریەتی پزیشکی شوێنگرەوە

تیۆری دووەم دەربارەی بنچینەی یاسایی بۆ بەرپرسیاریەتی پزیشکی شوێنگرەوە بریتییە لە زیان، زۆربەی یاساناسان پێیان وایە کە زیان بریتییە لە بنچینەی یاسایی بۆ بەرپرسیاریەتی پزیشکی شوێنگرەوە، بێگومان دیاریکردنی بوونی زیانەکان لە بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و پێویستی بە هەڵسەنگاندنی ورد هەیە.

زیان لە نێوان پایەکانی بەرپرسیارێتی شارستانیدا پێگەیەکی گرنگی هەیە، بەو پێیەی بە بناغەی بەرپرسیارێتی شارستانی دادەنرێت، بەرپرسیارێتی شارستانی ئەوەیە کە هەر چەوتییەک کە زیان بە کەسانی دیکە بگەیەنێت، پابەندە بە قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسەی کە ئەنجامی داوە، زیان بنەمای سەرەکییە بۆ بەرپرسیارێتی شارستانی بەگشتی، جا گرێبەستی بێت یان ناگرێبەستی، لە ڕێگەی جۆری زیانەوە دەتوانین جۆری بەرپرسیارێتی دیاری بکەین

ئەگەر زیانەکە پێشێلکردنی پابەندبوونێکی گرێبەستی بێت، ئەوا بەرپرسیارێتییەکە گرێبەستییە، و ئەگەر زیانەکە لە ئەنجامی پێشێلکردنی پابەندیەک بێت کە بە یاسا سەپێنراوە، بەرپرسیارێتییەکە کەمتەرخەمیی و ناگرێبەستییە، شێوە و فۆرمەکانی زیان بەپێی جۆری بەرپرسیارێتی دەگۆڕێت، لە نێوان بەرپرسیارێتی پێش گرێبەست، کە ئەو قۆناغەیە یاسادانەری فەرەنسی لە هەموارەکانی ئەم دواییەدا گرنگی پێداوە، و لە نێوان زیانەکانی بەرپرسیارێتی گرێبەست و زیان لە بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمی ( محمد عبدالله عبدالحفیظ سالم، ٢٠٢٣: لا ٢).

بەگەڕانەوە بۆ دەقی (٢٠٢) لە یاسای شارستانی عیراقی ژمارە(٤٠) ی ساڵی ١٩٥١ بەس نییە بۆ هاتنەدی بەرپرسیاریەتی شارستانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکەیدا چەوتییەک هەبێ، بەڵکو دەبێت لە ئەنجامدا زیانی لێبکەوێتەوە ( یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠)، ١٩٥١: م ٢٠٢)، زیان هەمان شتە بە گوێرەی گشت یاساکان، چونکە زیان هەر زیانێکە کە بەسەر هەر کەسێکدا بکەوێت، زیانەکە جەستەی بێت یان مادی یان واتایی بێت( خلیل أحمد حسن قدادة، ١٩٩٤: لا ٢٤٨).

هەندێ لە یاسا ناسان پێناسای زیانیان کردووە بەوەی کە بریتیە لە حاڵەتێک کە لە ئەنجامی کردەوەیەکەوە دروست دەبێت کە زیانی بە کەسی بەرامبەر گەیاندووە، زیانیش دەکرێ زیانێکی ماددیی، یان واتایی بێت، چەوتییەکە چەندە گەورە بێت، بەرپرسیارێتی دروست ناکات تا ئەو کاتەی کە زیان نەگەیەنێت، چ دەستبەجێ یان لە داهاتوودا، ئەگەر دڵنیا بێت کە ڕوودەدات (حسن علي الذنون، ١٩٩١: ١٥٩).

یاساناسان زیان بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەکەن بەسەر دوو شێواز و جۆردا، زیانی مادیی و زیانی واتایی، زیانی ماددی وا پێناسەدەکرێ کە: بریتییە لە لادان لە بەرژەوەندی زیانلێکەوتوو کە بەهایەکی مادیی هەیە (رضا متولی وهدان، ٢٠١١: لا ٤٤)، و پێناسەی زیانی واتایی دەکەن: وەک زیانگەیاندن بە ناوبانگ، کەرامەت، یان باری دەروونی لایەنەکان دەگرێتەوە، (خلیل جریح، ١٩٧٥: لا ١٠٦) بۆ نموونە ئەگەر پزیشکێک بە شێوەیەکی نایاسایی زانیاری نهێنی یان تایبەت ئاشکرا بکات، ئەوا ڕەنگە نەخۆش تووشی زیانی واتایی ببێ.

لەوەی پێشەوە دەگەین بەو دەرەنجامەی کە پزیشکی شوێنگرەوە بەرپرسیارە لە هەر زەرە و زیانێک کە بەر نەخۆش دەکەوێت لە ئەنجامی کەمتەرخە و سەرپێچی کردنی بۆ بنەما و ستاندارە پزیشکییەکان کە لە ئەنجامدا زیان بە نەخۆش بکەوێت، ئەمەش ئاراستەی نوێیە لە یاسازانیدا و دادگا بۆ دیاریکردنی بنەمای یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوە، جا زیانەکە ماددی بێت یان واتایی، و هەروەها بنچینەی یاسایی درووست کە لەلایەن یاساناسانەوە دیاری کراوە بۆ بەرپرسیاریەتی یاسایی پزیشکی شوێنگرەوە بریتییە لە زیان نەک چەوتی، لەبەر ئەوەی زیان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە شوێنەوارەکانی بەرپرسیاریەتی، وەک دیاری کردنی بڕیی قەرەبوو بۆ نەخۆشەکە، بۆیە ناکرێ بەتەنها وەک یەکێک لە پایەکانی بەرپرسیاریەتی سەیری بکرێت، بەڵکوو بنچینەی یاسایی دروستە بۆ بەرپرسیاریەتیەکە، بەڵام توێژەر پێی وایە کە پزیشک بە شێوەیەکی گشتی"هەروەها پزیشکی شوێنگرەوە بە تایبەتی" لێپێچینەوەی یاسایی و بەرپرسیاریەتی مەدەنی لەگەڵ نەکرێت تەنها لە سەر بنچینەی چەوتی هەنەری گەورە (الخطأ الفني الجسيم) نەبێت، لەبەر چەند هۆکاریک، یەکەمیان: پزیشکەکان توێژێکی گرنگی کۆمەڵگان، هەروەها هەوڵ وسەختیەکی زۆریان کێشاوە تاکو گەیشتوون بەم ئاسای پزیشکی، هەروەها لێپێچینەوە لێیان لەسەر بنچینەی زیان، تووشی دڵەراوکێ وبێ متمانییان دەکات وسەربەستی وئازادی لەئەنجامدانی کارەکانیان لەدەست دەدەن لەترسی بەرپرسیاریەتی ورووداني زیان لە بچوکترین هەڵەدا، دووەمیان:

پابەندی پزیشکەکان بە گشتی بریتییە لە کۆشش وگرنگی دان (ببذل عناية)، بۆیە ناکرێت لەسەر هەموو جۆری چەوتیەکان لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، هەروەها پابەندیەکەی بەئەنجامدانی کارێکە بە گوێرەی برگە (١) لە مادە (٢٥١) لە یاسای مەدەنی عیراقی، بۆیە بە تەنها سەلماندن کە هەوڵ وکۆششی خۆی داوە بۆ چارەسەر کردنی نەخۆش بەرپرسیار نابێت تەنانەت ئەگەر ئەنجامەکەی نەهێتەدی، بۆیە پێشنیازی دەقێک دەکەین بۆ یاسای ماف وئەرکەکان نەخۆشی هەرێمی کوردستان کە بەم شێوەیە بێت: (پزیشک بەشێوەیەکی گشتی وپزیشکی شوێنگرەوە بەتایبەتی لێپێچینەوەی یاسایان لەگەڵ دەکرێت ئەگەر هاتوو چەوتییەکی هەنەری گەورەیان ئەنجامدا لەکاتی چارسەری ونەشتەرگەریدا).

## کۆتایی: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان:

لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدرا بە شێوەیەکی زانستیانە پێناسەیەکی ڕاست و دروست بۆ پزیشکی شوێنگرەوە بخرێتەڕوو، وە سروشتیی یاسایی و بنەمای یاسایی دروست بۆی دیاری بکرێت، و لە کۆتاییدا توانیمان بگەین بە کۆمەڵێ دەرەنجام و ڕاسپاردەی گرنگ.

**یەکەم/ دەرەنجامەکان:**

١. بەرپرسیاریەتی ناگرێبەستی بۆ پزیشی شوێنگرەوە ڕەنگە لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا بێتە کایەوە، بەتایبەتی لەو حاڵەتانی کە ناتوانرێ چەوتی بسەلمێنرێ و لەهەمان کاتدا ناکرێ بوترێ پزیشکەکە بەرپرسیاریەتی یاسایی ناکەوێتەسەر، بۆیە لەو بارودۆخانەدا باشترین چارەسەر ئەوەیە کە دان بە بوونی بەرپرسیاریەتی ناگرێبەستی بنرێت بۆ پزیشکە شوێنگرەوەکە.

2. پێوەری چەوتی بۆ چەوتی ئاسایی بریتییە لە کەسی ئاسای و بۆ چەوتی هونەری پێوەرەکە بریتییە هەڵسەنگاندنی ئەو چەوتیەی کە ئەنجامی داوە بە چەوتی کەسێکی ئاسایی و ماماناوەند لە کەسانی پیشەیی.

3. دیاری کردنی چەوتی وەک بنچینە بۆ بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شوێنگرەوە لەگەڵ ئاراستەی نوێی یاسازانی یەک ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئاراستەی نوێ یاسازانی بۆ ئەوە ڕۆیشتووە زیان بنچینەی یاسایی دروست بێت بۆ بەرپرسیاریەتییەکە.

٤. بنچینەی یاسایی درووست کە لەلایەن یاساناسانەوە دیاری کراوە بۆ بەرپرسیاریەتی یاسایی پزیشکی شوێنگرەوە بریتییە لە زیان نەک چەوتی، لەبەر ئەوەی زیان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە شوێنەوارەکانی بەرپرسیاریەتی، وەک دیاری کردنی بڕی قەرەبوو بۆ نەخۆشەکە، بۆیە ناکرێ بەتەنها وەک یەکێک لە پایەکانی بەرپرسیاریەتی سەیری بکرێت، بەڵکو بنچینەی یاسایی دروستە بۆ بەرپرسیاریەتیەکە.

٥. توێژەر پێی وایە کە پزیشک بە شێوەیەکی گشتی ' هەروەها پزیشکی شوێنگرەوە بە تایبەتی لێپێچینەوەی یاسایی و بەرپرسیاریەتی مەدەنی لەگەڵ نەکرێت تەنها لە سەر بنچینەی چەوتی هەنەری گەورە (الخطأ الفني الجسيم) نەبێت، لەبەرئەوەی پزیشکەکان توێژێکی کرنگی کۆمەڵگان، هەروەها هەوڵ وسەختیەکی زۆریان کێشاوە تاکو گەیشتوون بەم ئاسای پزیشکی، هەروەها لێپێچینەوە لێیان لەسەر بنچینەی زیان، تووشی دڵەڕاوکێ وبێ متمانییان دەکات وسەربەستی وئازادی لەئەنجامدانی کارەکانیان لەدەست دەدەن.

٦. توێژەر پێی وایە پابەندی پزیشکەکان بە گشتی بریتییە لە کۆشش وگرنگی دان (ببذل عناية)، بۆیە ناکرێت لەسەر هەموو جۆری چەوتییەکان لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، هەروەها پابەندیەکەی بەئەنجامدانی کارێکە بە گوێرەی برگە (١) لە مادە (٢٥١) لە یاسای مەدەنی عیراقی، بۆیە بە تەنها سەلماندن کە هەوڵ وکۆششی خۆی داوە بۆ چارەسەر کردنی نەخۆش بەرپرسیار نابێت تەنانەت ئەگەر ئەنجامەکەی نەهێتەدی.

**دووەم/ ڕاسپاردەکان:**

1. پێشنیاز دەکەین بۆ یاسا دانەری عێراقی کە ڕێکخستنی یاسایی درووست بۆ پزیشکی شوێنگرەوە بکات، لە چوارچێوەی یاسا پزیشکییە بەرکارەکاندا بۆ ئەوەی بتوانرێت لە ڕێگەیەوە بنەمای یاسایی بۆ بەرپرسیاریەتی شارستانی پزیشکی شووێنگرەوە دیارییکرێت.
2. پێشنیاز دەکەین یاسا دانەری عێراقی و هەرێمی کوردستان ڕێکخستنی یاسایی تایبەت بۆ شوێنگرەوەی ئەلیکترۆنی بکات بەشێوەی یاسایەکی سەربەخۆ، بۆ ئەوەی لە سەرجەم بوارەکاندا پشت بە یاساکە ببەسترێ، و جیابکرێتەوە لە بەکارهێنانەکانی تری ئەلیکترۆنی.
3. پێشنیازی دەقێک دەکەین بۆ یاسای ماف وئەرکەکان نەخۆشی هەرێمی کوردستان کە بەم شێوەیە بێت: (پزیشک بەشێوەیەکی گشتی وپزیشکی شوێنگرەوە بەتایبەتی لێپێچینەوەی یاسایان لەگەڵ دەکرێت ئەگەر هاتوو چەوتییەکی هونەری گەورەیان ئەنجامدا لەکاتی چارسەری ونەشتەرگەریدا).

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە یاسا و ڕێنماییەکان:


١.ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (٢٠٢١) *ئیستراتیژی جیهانی بۆ تەندروستی دیجیتاڵی ٢٠٢٠_٢٠٢٥*. بەردەستە لە : https://www.who.int/publications/i/item/9789240020924بەرواری سەردانیکردن: ٣ی تەمموزی ٢٠٢٥].

2.قانون المعاملات االلكترونية االردني رقم ١٥ لسنة ٢٠١٥ منشور بصحيفة الدستور ٢٤ الرسمية بتاريخ ١٩ مايو ٢٠١٥.

3.الفصل الثاني، بند (١)، أولا من قانون إصلاح النظام القانوني. ينظر: قانون إصلاح النظام القانوني، وزارة العدل، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧، ص٣٦-٣٧ز

4.قانون التوقيع االلكتروني والمعامالت االلكترونية العراقي رقم ٧٨ لسنة ٢٠١٢ منشور بجريدة الوقائع ٢٥ العراقية، بتاريخ٥/١١/٢٠١٢.

5.یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٠، مادەی یەکەم.

6.یاسای شارستانی عێراقی ژمارە ٤٠ی ساڵی ١٩٥١.

7.یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٢٠.

١.سەرچاوە عەرەبییەکان:

٢.أحمد محمود سعد ( ١٩٨٣): مسؤولية مستشفى الخاص عن أخطاء الطبيب و مساعديه، رسالة دكتوراه منشورة، جامعة القاهرة، مصر.

٣.أسعد عبد الجميلي، الخطأ فى المسؤولية الطبية المدنية، دار الثقافه للنشر و التوزيع، ط ٢٠٠٩.

٤.تحسين حمد سمايل، صدقى محمد امين عيسى، فرست رسول احمد، (٢٠٢٤)، المسؤولية المدنية للطبيب البديل فى قانون العيراقى( دراسة تحليلة)، گۆڤاری توێژەر، زانكۆی سۆران، بەرگی (٧) ژمارە (٣).

٥.جلال محمد عبدالله الخطيب ( ١٩٨٢): مسؤولية المتبوع المدنية عن أعمال تابعه، رسالة ماجستير، كلية القانون، جامعة بغداد.

6.حسن علي الذنون المبسوط في المسؤلية المدنية، ج ١ شركة التايمز للطباعة والنشر المساهمة، بغداد، ١٩٩١.

7.خليل أحمد حسن قدادة ، الوجيز في شرح القانون المدني الجزائري، مصادر الالتزام، طبعة ١٩٩٤، ديوان المطبوعات الجامعية الجزائر.

8.خليل جريح، النظرية العامة للموجبات، الجزء الاول – مصادر الموجبات الخارجة عن الارادة، چاپخانەی (صادر)، بيروت، ١٩٧٥.

9.د ضحى بنت محمود بابللي، الطب البديل مؤلف، الناشر: مدينة الملك عبدالعزيز للعلوم والتقنية KACST _ السعودية، الصفحات: 165، تاريخ نشر2006.

10.رشا محمد صالح احمد(٢٠٢٢)، تطبيقات الإدارة للذكاء الاصطناعي في اتخاذ القرارات الإدارية، ماستەرنامە، زانكۆی (الشرق الاوسط)، فاكەلتى ماف، بەشى ياساى گشتى، چاپخانەی (جامعة الشرق الأوسط)، عمان، ئەردەن.

11.رضا متولى وهدان، الوجيز فى مسؤولية المدنية(الضمان)، دار الفكر والقانون، چاپى يەكەم، ٢٠١١.

١٢.رمضان محمد أبو السعود: مبادئ الالتزام في القانون المصري و اللبناني، الدار الجامعية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٤، ص ٧٠.

١٣.زينه منعم مظهر(٢٠٢٣): المسؤولية المدنية غير العقدية( دراسة مقارنة) ، اطروحة دكتوراه فلسفة في قانون الخاص، جامعة صلاح الدين، اربيل.

١٤.عبدالرزاق السنهوري(٢٠٠٠)، الوسيط في شرح القانون المدني الجديد، المجلد الثاني، نظرية الالتزام، الالتزام بوجه عام، مصادر الالتزام، الطبعة ٣، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت.

١٥.عبدالرزاق السنهورى، الوسيط فى شرح القانون المدنى، ط١، دار الشروق، القاهره، ٢٠١٠م الجزء الاول،ص ١١٨.

١٦.ليلان رشيد فائق، المسؤولية المدنية فى القانون ، بحث مقدم من قبل عضوة الادعاء العام، بەبێ ژمارەی چاپ، ٢٠١٧.

١٧.محمد البكري، موسوعة الفقه والقضاء والتشريع في القانون المدني الجديد، المجلد٤، دار محمود للنشر والتوزيع، القاهرة،٢٠١٩، ص ٤٢٦.

١٨.محمد عبدالله عبدالحفيظ سالم، ركن ضرر ك شرط ليقيام المسؤلية المدنية، ماستەر نامەە، زانكۆى المنصورة، كۆلێژى ماف، ٢٠٢٣.

١٩.مولاي محمد لمين (٢٠١٥): أنواع الخطأ الطبي و صوره في المسؤولية المدنية للطبيب الممارس في القطاع الخاص، جامعة سيدي بلعباس، مجلة القانون و العلوم السياسة، العدد الأول.

٢٠.هاشم محمود العلي (٢٠٢١)، طبيعة المسؤولية المدنية للطبيب، جامعة المنصورة، كلية الحقوق، قسم قانون المدني.

٢١.هيام اسماعيل عبدالفتاح السحماوي (٢٠٢٣). خطأ مريض فقر الدم المنجلي و أثره على انعقاد المسؤولية الطبية (دراسة مقارنة)، كلية الشريعة و القانون، جامعة الازهر، مجلة الشريعة و القانون، العدد الثاني و الأربعون، القاهرة، مصر، ٢٠٢٣.

٢٢.وديع فرج، مسئولية الاطباء والجراحين المدنية- مجلة القانون والاقتصاد، السنة الثانية عشر، لا ٣٩٤.

**23.سەرچاوە بيانييەكان:**

٢٤. Aliasghar Karimi, M. & Hamed HaddadPajouh, H. (2020). *Artificial Intelligence, Important Assistant of Scientists and Physicians*. Galen Medical Journal. https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC8343766

**resources:**

Sources Laws and guidelines:

.1World Health Organization (2021) Global Strategy for Digital Health 2020–2 Available at: https://www.who.int/publications/i/item/9789240020924 Date accessed: July 3, 2025.[

.2The Jordanian Electronic Transactions Law No. 15 of 2015 published in the Official Book of Constitution 24 on 19 May

.3Chapter II, paragraph (1), first of the Legal System Reform Act. See: Law on Reform of the Legal System, Ministry of Justice, Dar Al-Hurriya Printing House, Baghdad, 1977, pp. 36-3

.4Iraqi Electronic Securities and Electronic Transactions Law No. 78 of 2012 Published in Iraqi Newspaper 25, dated 5/11/2

.5Law of the Kurdistan Regional Medical Union No. 6 of 2000, Article

.6Iraqi Civil Code No. 40 of

.7Law on the Rights and Obligations of Patients in the Kurdistan Region of Iraq, No. (4) of

.1Arabic sources:

.2Ahmed Mahmoud Saad (1983): Responsibility of Special Hospitals for Physician and Assistant Errors, Published PhD Thesis, Cairo University, Egypt.

.3Asad Abdul Jamili, Error in Civil Medical Responsibility, Dar al-Thaqafa for Publishing and Distribution, Vol.

.4Tahsin Hamad Smail, Siddiqi Mohammed Amin Issa, First Rasool Ahmad, (2024), Civil Responsibility of Alternative Physician in Iraqi Law (Analytical Study), Researcher Journal, Soran University, Volume (7) No. (3.(

.5Jalal Mohammed Abdullah al-Khatib (1982): Responsibility of the Civil Press for Subordinate Activities, Master's Thesis, Faculty of Law, Baghdad University.

.6Hassan Ali Al-Znoon Al-Mabsout in Civil Responsibility, Vol. 1 Times Printing and Publishing Company, Baghdad,

.7Khalil Ahmed Hassan Qaddada, Al-Wajiz in Explanation of Algerian Civil Code, Sources of Compliance, 1994 edition, Algerian University Press.

.8Khalil Jarih, The General Theory of Obligations, Part I – Sources of External Obligations on Will, Sader Printing House, Beirut,

.9Dr. Dhahi Bint Mahmoud Babli, Alternative Medicine Author, Publisher: King Abdulaziz City for Science and Technology KACST - Saudi Arabia, Pages: 165, Date of Publication

.10Rasha Mohammed Saleh Ahmed (2022), Administrative Applications of Innovative Law in Making Administrative Decisions, Master's Thesis, Middle East University, Faculty of Law, Department of Public Law, Eastern University Printing House Al-Awsat), Oman, Jordan.

.11Reza Matoli Wahdan, Al-Wajiz fi Masouliyah al-Madaniyah (Al-Zaman), Dar al-Fikr wa al-Qanun, 1st edition,

.12Ramadan Mohammed Abu Saud: Principles of Compliance in Egyptian and Lebanese Law, Al-Dar al-Jami'a for Printing and Publishing, Beirut, 1984, p.

.13Zeina Man'im Mazhar (2023): Non-Contractual Civil Liability (Comparative Study), Doctor of Philosophy in Private Law, Salahuddin University, Erbil.

.14Abdul Razzaq al-Sanhouri (2000), Al-Wasit fi Sharh al-Qanun al-Madani al-Jadeed, Volume II, Theory of Compliance, Compliance General Budget, Sources of Compliance, 3rd Edition, Halbi Publications Al-Haquqiyah, Beirut.

.15Abdul Razzaq al-Sanhouri, Al-Wasit fi Sharh al-Qanun al-Madani, Vol.

.16Laylan Rashid Faiq, Civil Responsibility in Law, Preliminary Discussion by the Public Prosecution Branch, Unpublished,
.17Mohammed al-Bakri, Encyclopedia of Jurisprudence, Judiciary and Legislation in the New Civil Law, Volume 4, Dar Mahmoud Publishing and Distribution, Cairo, 2019, p.
.18Mohammed Abdullah Abdul Hafeez Salim, Pillar of Harm as a Condition of Civil Responsibility, Master's Thesis, Mansoura University, College of Law,
.19Molay Mohammed Lamin (2015): Types of Medical Errors and Images in the Civil Liability of Physicians Practicing in Private Quarters, Sidi Bel Abbas University, Journal of Law and Political Sciences, The first number.
.20Hashim Mahmoud Al-Ali (2021), The Nature of Civil Responsibility for Doctors, Mansoura University, Faculty of Law, Department of Civil Law.
.21Hayam Ismail Abdulfattah Al-Sahmawi (2023). Anemia Patient Error and Its Effect on Perceptions of Medical Responsibility (Comparative Study), Faculty of Sharia and Law, Al-Azhar University, Journal of Sharia and Law, Second Issue and Al-Arbaun, Cairo, Egypt,
.22Wadi' Faraj, The Responsibility of Doctors and Civil Surgeons, Journal of Law and Economics, Second Year 10, p.
.23Foreign sources:
24. Aliasghar Karimi, M. & Hamed HaddadPajouh, H. (2020). Artificial Intelligence, Important Assistant of Scientists and Physicians. Galen Medical Journal. https://www.ncbi.nlm.**nih.gov/pmc/articles/PMC8343766**